## دەستەی گشتی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم

# راپۆرتی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستوری

# عێراقی فیدراڵ

## فهرست


پێشەکی .......... ٣

**مادەی٥٨ لە یاسایی بەڕێوبردنی دەوڵەت بۆ قوناغی گواستنەوە:** .......... ٤

**ماددەی ١٤٠ی دەستور:** .......... ٦

**پێکهێنانی لێژنەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ ی دەستور:** .......... ٨

**نوسینگەکانی سەر بە لێژنەی مادەی ١٤٠ی دەستور لە ناوچەناکۆکی لەسەرەکان:** .......... ١١

**بریارەکانی لێژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستوور:** .......... ١٢

**بری گوژمەی تەرخان کراو بۆ مادەی ١٤٠ لە بودجەی ساڵانە لە ماوەی ٢٠٠٦-٢٠١٢** .......... ١٤

**قۆناغەکانی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستوری عێراق:** .......... ١٥

**(ئاسایی کردنەوە ( التطبیع) / سەرژمێری (احصاء) / راپرسی (استفتاء)** .......... ١٥

**قۆناغی یەکەم: ئاسایی کردنەوە (التطبیع):** .......... ١٥

**دەرئەنجامی بەرگەکانی سەرەوە بەشێوەی خوارەوە بوو:** .......... ١٦

**آ. گرێبەستی کشتوکالییەکان لە بریارەکانی لێژنەی کاروباری باکووری (هەڵوەشاوە):** .......... ١٨

**ب. گرێبەستی کشتوکاڵی بە پێی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی( لەناوچوو):** .......... ١٨

یەکەم: دەقی بڕیاری ژمارە (٢٩) لە ساڵی ٢٠١٢ : .......... ١٩

**ئەنجامی گرێبەستە هەڵوەشاوەکان:** .......... ٢٠

دووەم: دەرچوونی بڕیاری ژمارە (٣٠) لە ساڵی ٢٠١٢: .......... ٢٠

چارەسەری گۆڕانکارییەکانی سنووری کارگێڕی بە هۆکاری سیاسی .......... ٢١

یەکلاکردنەوەی داواکان(سکالاکان) لە دەستەی داواکانی مۆڵکداری .......... ٢٢

**قۆناغی دووەم ئاماری گشتی سەرژمێری (الاحصاء) :** .......... ٢٢

**قۆناغی سێیەم راپرسی ( الاستفتاء):** .......... ٢٢

خاڵە هەڵپسێردراوەکان لە بەردەم جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستور: .......... ٢٣

ئەو خاڵانەی پێویستە سەرۆکایەتی کۆمار چارەسەری بکات .......... ٢٣

ئەو خاڵانەی پێویستە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران چارەسەری بکات: .......... ٢٤

ئەو خاڵانەی پێویستە ئەنجومەنی نوێنەران چارەسەری بکات: .......... ٢٥

یاسا و رێکارەکانی پێویستە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کاری بۆ بکات: .......... ٢٥

## پێشەکی

مێژووی سیاسەتی بەعەرەبکردن لە سەردەمی رژێمی بەعسی رووخاو لە ماوەی ۱۷ /تموزی/ ۱۹٦۸تا ۹/نیسانی/۲۰۰۳ لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان کە مادەی ۱٤۰ی دەستور دەیانگرێتەوە کە بە مەبەستی گۆرینی دیموگرافیای راستەقینەی ناوچەکان و کەمکردنەوەی رێژەی کورد هەستاوە بە راگواستن و کۆچپێکردنی بەزۆر و دورخستنەوە و دەرکردن و کۆچکردنیان و نیشتەجێکردنی عەرەبی هاوردە لە جێگایان و بێ بەش کردنیان لە کارکردن و دەستبەسەر داگرتنی موڵک و زەویان بە لێسەندنەوەی مافی خاوەنداریەتی و کوژانەوەی مافی بەکارهێنان بەپێی بریارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش **(قرارات مجلس قيادة الثورة )** و بریارەکانی لێژنەی کاروباری باکوور( **قرارات لجنة شؤون الشمال)** و چندین بریار و فەرمانی تایبەت و دەرکردنی مەرسومی جمهوری بە مەبەستی سیاسەتی پاکسازی نەتەوەیی (تصحيح القوميه) لەم ناوچانە کە دەرخەری ئەو گۆڕانکاریانەیە لە سەردەمی رژێمی بەعس لە لایەن دامودەزگا داپلوسەرەکەی ئەنجامیداوە.

هەروەها بەڕێگای لێکردنەوەی چەند پارچەیەك لەم ناوچانەو لکاندنیان بە ناوچەی دیکەوە بە دەرکردنی کۆمەڵێک بڕیاری تایبەت بە مەبەستی گۆڕینی یەکە ئیداریەکان و گۆڕینی واقعی نەتەوەیی لەم ناوچانەدا ئەنجام دراون بە ئامانجی کەمکردنەوەی ڕێژەی کوردو دامەزراندنی چەندین یەکەی ئیداری نوێو دەستبەسەرداگرتنی زەویو زاری دانیشتوانی کوردو تورکمانەکانو بەخشینو تۆمارکردنیان بۆ عەرەبی هاوردە بەو شێوەیەی کە لە خزمەتی سیاسەتی بەعەرەبکردندا بێت.

لە هەمامکات گرنگی ئەو ناوچانە لە رووی سامانە سروشتیەکان وەک نەوت و گاز و زۆر شتی تر هۆکاری تری بەعەرەبکردن و دەرکردن و دورخستنەوەی بە زۆر لە کار بووە جا چ لە بەشی حکومی یان کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان بوبێت. بۆ نمونە کۆمپانیای نەوتی کەرکوک کە ژمارەی کرێکارە کوردەکان بە درێژای مێژووی بەعەرەبکردنی ئەو ناوچەیە بەراوەرد لەگەڵ کرێکارە عەرەبەکان لە کەمبوونەوەی بەر چاو دابووە و ئەم بەراوەردە بە روون و ئاشکرا بەرچاو دەکەوێت.

ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان ئەو ناوچانەن کە مادەی ۱٤۰ لە دەستوری عێراقی فیدرال دەیانگرێتەوە کە پێکدێت لە پارێزگای کەرکوك بە هەموو قەزا و ناحیەکانی ، بەشێک لە یەکە ئیداریەکانی پارێزگای نینوی، دیالە، واسط و سەلاحەدین کە ئەو ناوچانە بەدەرن لە ئەو ناوچانەی بەپێی مادەی ٥۳ (آ) لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە تاکو ۲۰۰۳/۳/۱۹ دیاری کردوە.

لە دوای رووخانی رژێمی بەعس بە مەبەستی لابردنی ئاسەواری زۆڵم و زۆر کە دەرحەق بە گەلی عێراق لە دەرئەنجامی سیاسەتەکانی رژێمی پێشوو ئەنجامی دابوو ،وە بۆ چارەسەری کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە کە بە یاسای (TAL) ناسراوە مادەی (٥٨) جێگیر کرا بۆ چارەسەری کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان کە دواتر مادەی ٥٨ بە هەموو بەندەکانی لە مادەی ١٤٠ی دەستوری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ جێگیر کران کە لەخوارەوەدا باسیان دەکەین:

- **مادەی٥٨ لە یاسایی بەڕێوبردنی دەوڵەت بۆ قوناغی گواستنەوە:**

ناوەڕۆکی ماددەی ٥٨ لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە(قانون ادارە الدولە للمرحلە الانتقالیە) ، کە لەمانگی ٣ ی ساڵی ٢٠٠٤ دا دەرکراوە و لەسێ برگەی سەرەکی پێکدێت ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

(أ) حکومەتی عێراق لە قۆناغی گواستنەوە بەتایبەتی لەگەڵ دەستەی باڵای چارەسەری ناکۆکییەکانی مۆڵکداری و زەوی و زار و هەموو لایەنەکانی تری پەیوەندیدار دەبێ بە زووترین کات هەڵبستێت بە گرتنەبەری رێ و شوێنی پێویست بۆ هەڵگرتنی ستەم و زۆرداریەکانی رژێمی پێشوو کە بووە هۆی گۆرینی بارودۆخی دانیشتوانی لە چەند ناوچەی دیاری کراوە لە نێوانیاندا کەرکوک، کە لەرێگای راگواستن و دورخستنەوە کەسەکان لەشوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیان و هەروەها لەرێی کۆچپێکردنی بەزۆرە لەناو ناوچەکە و دەرەوەی ناوچەکە و نیشتەجێکردنی خەڵکانی بێگانە بۆ ئەم ناوچانە و بێبەش کردنی دانیشتوان لەکارکردن لە چوارچێوەی پاکسازی نەتەوەی(تصحیح قومی) ئەو ناوچانە بۆ چارەسەری ئەو زۆڵمە، ئەرکی حکومەتی عێراقە لە قۆناغی گواستنەوە ئەو هەنگاوانەی خوارەوە بگرێتە بەر:

١. ئەوەی پەیوەندی بە دانیشتوان هەیە لە ڕاگوێزراوەکان و دورخراوەکان و کۆچ پێکراو و کۆچکراوەکان و بگونجێندرێت لەگەڵ یاسای دەستەی باڵای چارەسەر ناکۆکی مۆڵکداری و زەوی و زار، و رێکارە یاساییەکانی دیکە ئەرکی حکومەتە لەماوەیەکی گونجاودا دانیشتوان بگەڕێنێتەوە سەرماڵ و موڵکی خۆیان و ئەگەر نەتوانرا ئەوە بکرێت ئەوا ئەرکی حکومەتە بەشێوەیەکی دادپەرەورانە قەربوو یان بکاتەوە .

٢. سەبارەت بەو کەسانەی بۆ ناوچە و جێگای دیاریکراو گواستراینەوە، ئەرکی حکومەتە بەپێی ماددەی (١٠) لەیاسایی دەستەی باڵای چارەسەری ناکۆکی موڵکداری و زەوی و زار مامەڵەیان لەگەڵ بکات. لەپێناو گرەنتی کردنی دووبارە نیشتەجێ کردنەوەیان یاخود گرنتی کردنی قەربوو کردنەوەیان لە لایەن دەوڵەت و پێدانی زەوی لەشوێنێکی نزیك لەجێگای نیشتەجێ بوونیان لەو پارێزگایەی لێوەی هاتوون پێیان بدات و ئەگەر کرا مەسروفاتی گەرانەویان بۆ دابین بکات.

٣. سەبارەت بەو کەسانەی بێ بەش کراون لەدامەزراندن یان ئامرازی دیکە وەک سەرچاوەی دابین کردنی بژیوی ژیانیان بۆ ئەوەی ناچار بن کۆچ بکەن لە شوێنی دانیشتنیان لە سەر زێدی خۆیان و زەوییەکانیان ئەرکی حکومەتە هانی دەستەبەر کردنی هەلی کاری تازە لە ناوچانە و لەسەر ئەو زەوییانە بۆ بدات.

٤. هەروەها تایبەت بە پاکسازی نەتەوەیی ( تصحیح قومی) دەبێت حکومەت هەموو ئەو بڕیارانەی پەیوەندیدارە هەڵبوەشێنێتەوە. رێخۆشکەر بیت بۆ زیان لێکەوتووان کە بەویستی خۆیان مافی خۆ نووسینیان هەبیت بەو ناسنامەی نیشتمانییەی کە ئینتمای رەگەزیان پێ هەیە بەبێ زۆر و گوشار دیاری بکەن.

(ب) هەروەها ڕژێمی پێشوو دەستێوەردانی کرد لە سنوری کارگێڕی و شتی دیکە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسیەکانی. ئەرکی سەرۆکایەتی و حکومەتی راگوزەری عێراقە ڕاسپاردە پێشکەش بە ئەنجومەنی نیشتمانی بکات، بۆ چارەسەرکردنی گۆڕانکاری نادادپەروەرانە. لە حالەتێک ئەگەر سەرۆکایەتی نەتوانی بەکۆی دەنگ ڕەزامەند بن لەسەر چەند ڕاسپاردەیەك ، ئەوا دەبێت ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بەکۆی دەنگ ناوبژیوانێکی بێلایەن دابمەزرێنێت بەمەبەستی دیراسەکردنی بابەتەکە پێشکەش کردنی راسپاردەکان. و ئەگەر هاتوو ئەنجومەنی سەرۆکایەتی نەیتوانی ڕەزامەند بێت لەسەردانانی ناوبژیوان، ئەوا پێویستە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی داوا لە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات بۆ دەست نیشان کردنی کەسایەتیەکی نێودەوڵەتی باڵا بۆ ئەوی هەستێت بە ناوبژێوانی پێویست.

(ج) یەکلایی کردنەوەی کۆتایی زەوییە ناکۆکی لەسەرەکان بە کەرکوکەوە دوا دەخرێت تا تەواو کردنی ڕێکارەکانی سەرەوە و ئەنجام دانی سەرژمێری دانیشتووان کە دادپەروەرانە و شفاف بێت تا کاتی پەسندکردنی دەستوری هەمیشەیی. پێویستە کێشەی ئەو ناوچانە بەجۆرێك یەکلا بکرێتەوە کە بگونجێت لەگەڵ پرەنسیپەکانی عەدالەت و ئیرادەو ویستی دانیشتوانی ئەو ناوچانەش لەبەر چاو بگیرێت.

- **ماددەی ١٤٠ی دەستور:**

یەکەم: دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەرپرسیاریەتی گرتنەبەری هەنگاوی پێویست بۆ تەواو کردنی جێبەجێ کردنی ماددەی (٥٨) لە یاسای حکومەت لە قۆناغی گواستنەوە بەهەموو بڕگەکانی دەگرێتە ئەستۆ.

دووەم: ئەو بەرپرسیاریەتەی بۆ دەسەلاتی جێبەجێ کردنی لە قۆناغی گواستنەوە دانرابوو بە گوێرەی مادەی ٥٨ لە یاسای بەرێوەبردنی دەولەت لە قۆناغی گواستنەوە درێژەپێدارو بەردەوام دەبی دەخرێتە ئەستۆی حکومەتی جێبەجێکاری هەڵبژێردراو بە گوێرەی دەستووری عێراقی فیدراڵ وە تا

تەواوکردنی دەرئەنجامی ئاسایی کردنەوە و سەرژمێری و کۆتایی بێت بە راپرسی لەکەرکوك و هەموو ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی تر بۆ دیاری کردنی خواستی هاووڵاتیان لەماوەیەکی دیاریکراو کە لە ٣١ کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧ تێنەپەڕێ .

## • بەرنامەی حکومەتی یەکەم و دووەمی نوری مالیکی ساڵی ٢٠٠٦-٢٠١٤

### - **خاڵی (٢٢) لە بەرنامەی حکومەتی یەکەمی نوری مالیکی لە ساڵی ٢٠٠٦ :**

حکومەت پابەند دەبێت بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ی دەستوور پاڵپشت بە مادەی ٥٨ لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە لە چوارچێوەی سێ قۆناغی دیاری کراو: ئاسایی کردنەوە، سەرژمێری، و ریفراندۆم لە کەرکوک و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی تر، و حکومەت لەگەڵ پێکهێنانی هەڵدەستی بە دانانی رێکاری پێویست بۆ قۆناغی ئاسایی کردنەوە لەگەڵ گەرانەوەی قەزا و ناحیەکانی سەر بە کەرکوک وەک خۆی لە سەرەتا. ئەوە قۆناغە لە ٢٠٠٧/٣/٢٩ کۆتایی پێ دێت و قۆناغی سەرژمێری لە ٢٠٠٧/٧/٣١ وە کۆتا قۆناغ کە ریفراندۆمە لە ٢٠٠٧/١١/١٥ ئەنجام بدرێت.

### - **خاڵی (١) لە برنامەی حکومەتی دووەمی نوری مالیکی لە ساڵی٢٠١٠ :**

"پاراستنی دەستوری عێراق و پابەندبوون و کارکردن بە هەموو ئەوەی تێدا هاتووە و هەموو ئەوە گۆرانکاریانەی دواتر ئەنجامدەدرێت ناچیتە بواری جێبەجێکردن جگە لە وانەی لە چوارچێوەی مادەی ١٤٢ دەستوردابێت، وە کاراکردنی هەموو مادەکان و بەندەکانی بەبێ هەڵبژاردن و بەدواداچوونی کاری لێژنە جوراوجۆرەکان بەپێی دەستور بەتایبەتی مادەی ١٤٠، پاڵپشت بە بنەمایی یاسایی وەک سەرچاوەی سەرەکی کاری حکومەت دەبی و چارەسەری کۆی ناکۆکییەکان و کێشە قوڵەکان لە بنەرەتەوە و پابەند بوونی هێزە سیاسیەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بە دەستور بە رەچاو کردنی بەرنامەی حکومەت کە دەبیتە هۆکاری کۆکەرەوەی هاوبەشی هێز و حیزب و لایەنی سیاسیەکان کە بەشدارن لە بەرێوەچوونی پرۆسەی سیاسی دەوڵەت".

## • پێکهێنانی لێژنەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ ی دەستور:

بە فەرمانی دیوانی ژمارە (٤٦) لە ٩/ ٢٠٠٦/٨ بەسەرۆکایەتی هاشم شبلی وەزیری داد لێژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستور پێکهات ،لەبەر ئەوەی هاشم شبلی لە ٢٠٠٧/٤/٤ دەستی لە کار کێشایەوە لە سەرۆکایەتی لێژنە و لە وەزارەت ،دواتر رائد فەهمی وەزیری علوم و تەکنولۆژیا لە جێگاکەی دانرا و بە نووسراوی ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (ش و/١٣٠٩٣/١/٨) لە بەرواری ٢٠٠٧/٨/٢ دەست بەکار بوو.

لە دوای دەست بەکار بوونی کابینەی دووەمی مالیکی لە ٢٠١٠ لێژنەکە گۆڕدرا و وەزیری گواستنەوە هادی عامری بە فەرمانی ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٣٦٤٧) لە ٢٠١١/٦/٢٩ کرا بە سەرۆکی لێژنە، لە خوارەوە ناوی سەرۆک و ئەندامانی لێژنە نیشان دراوە:

# لێژنەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ ساڵی ٢٠٠٦

REPUBLIC OF IRAQ
Prime Minister Office

جمهورية العراق
مكتب رئيس الوزراء

No .:
Date : / /2006

العـدد : م ر ن / ٤٨ / ١٢٧٧٢
التاريـخ : ٩ / ٨ / ٢٠٠٦

أمـر ديواني / ٤٦

أولاً : تشكل لجنة لتنفيذ المادة (١٤٠) من الدستور المتعلقة بالمناطق المختلف عليها بـضمنها محافظة كركوك وعلى الشكل التالي :-

| | |
|---|---|
| ١. السيد هاشم عبدالرحمن الشبلي / وزير العدل | رئيساً. |
| ٢. السيد جواد كاظم البولاني / وزير الداخلية | عضواً. |
| ٣. السيدة نرمين عثمان حسن / وزير البيئة | عضواً. |
| ٤. السيد جاسم محمد جعفر / وزير الشباب والرياضة | عضواً. |
| ٥. السيد بابكر صديق أحمد / مجلس محافظة كركوك | عضواً. |
| ٦. السيد محمد خليل نصيف / مجلس محافظة كركوك | عضواً. |
| ٧. السيد تحسين محمد علي كهية / مجلس محافظة كركوك | عضواً. |
| ٨. السيد آشور يندا دنيامين / مجلس محافظة كركوك | عضواً. |
| ٩. الدكتور محمد إحسان السليفاني / ممثل عن إقليم كردستان | عضواً. |

ثانياً : يوضع في رصيد هذه اللجنة مبلغ (٢٠٠٠٠٠٠٠٠) دولار (فقط مائتا مليون دولار) لتغطية مصاريف تنفيذ مضمون المادة (١٤٠) من الدستور العراقي.

نوري كامل المالكي
رئيس الوزراء

نوري كامل المالكي
رئـيس الـوزراء
٢٠٠٦/٨/٩

نسخة منه إلى /

- وزارة العدل / مكتب الوزير
- وزارة الداخلية / مكتب الوزير
- وزارة البيئة / مكتب الوزير
- وزارة الشباب والرياضة / مكتب الوزير

} لإتخاذ مايلزم ... مع التقديـــــر.

- وزارة المالية / مكتب الوزير / لإتخاذ مايلزم ... مع التقديـــــر.
- إقليم كردستان / لإتخاذ مايلزم ... مع التقديـــــر.
- الأمانة العامة لمجلس الوزراء / مكتب الأمين / للتفضل بالعلم ... مع التقديـــــر.
- الأمانة العامة لمجلس الوزراء / الدائرة القانونية / للتفضل بالعلم ... مع التقديـــــر.
- مجلس محافظة كركوك / لإتخاذ مايلزم ... مع التقديـــــر.
- إضبارة محافظة كركوك.
- إضبارة اللجان.

## لێژنەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ ساڵی ٢٠٠٧-٢٠١١

**رئاسة لجنة تنفيذ المادة (١٤٠) من دستور جمهورية العراق**

| | |
|---|---|
| ١. معالي السيد الوزير رائد جاهد فهمي | رئيس اللجنة |
| ٢. معالي السيدة الوزيرة نرمين عثمان حسن | عضو |
| ٣. معالي السيد الوزير د.محمد احسان رمضان– ممثل اقليم كوردستان في اللجنة | عضو |
| ٤. الدكتورة حنان الفتلاوي– عضو مجلس النواب العراقي – ممثلة مكتب دولة رئيس الوزراء في اللجنة | عضو |
| ٥. السيد احمد علي محسن الخفاجي –وكيل وزارة الداخلية لشؤون القوى الساندة –ممثل السيد وزير الداخلية | عضو |
| ٦. السيد تحسين محمد علي كهيه – عضو مجلس محافظة كركوك | عضو |
| ٧. السيد محمد خليل نصيف الجبوري – عضو مجلس محافظة كركوك | عضو |
| ٨. السيد بابكر صديق احمد – عضو مجلس محافظة كركوك | عضو |
| ٩. السيد اشور يلدا بنيامين – محامي – محافظة كركوك | عضو |
| ١٠. السيد سالار عبدالكريم عبدالجبار الشيخ | سكرتير عام اللجنة |

## لێژنەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ ساڵی ٢٠١١ تا ئێستا

| | |
|---|---|
| **١. معالي السيد وزير النقل هادي فرحان حسن العامري** | **رئيس اللجنة** |
| **٢. معالي السيد الوزير الدكتور محمد احسان رمضان– ممثل حكومة اقليم كوردستان في اللجنة** | **عضو** |
| **٣. معالي السيد الوزير الدكتور عبدالصاحب قهرمان عيسى** | **عضو** |
| **٤. السيد احمد علي محسن الخفاجي – وكيل وزارة الداخلية لشؤون القوى الساندة– ممثلا عن وزارة الداخلية** | **عضو** |
| **٥. الدكتور رافع خضر شبر – مدير عام– ممثلا عن مكتب دولة رئيس الوزراء** | **عضو** |
| **٦. السيد باسم جاسم هجول – مدير عام – ممثلا عن هيئة نزاعات الملكية العقارية** | **عضو** |
| **٧. السيد محمد خليل نصيف الجبوري – عضو مجلس محافظة كركوك / ممثلا عن المجموعة العربية** | **عضو** |
| **٨. السيد بابكر صديق احمد – عضو مجلس محافظة كركوك / ممثلا عن المجموعة الكوردية** | **عضو** |
| **٩. السيد تحسين محمد علي كهيه – عضو مجلس محافظة كركوك / ممثلا عن المجموعة التركمانية** | **عضو** |
| ١٠.السيد سالار عبدالكريم عبدالجبار الشيخ | سكرتير عام اللجنة |

- **نوسینگەکانی سەربە لێژنەی مادەی ١٤٠ی دەستور لە ناوچەناکۆکی لەسەرەکان:**

لەدوای دەرچوونی بڕیارەکان، نووسینگەکانی (کرکوك , سنجار , خانەقین) دامەزران کە نوسینگەی (سنجار) جگە لە شنگال ناوچەکانی مخمور و زومار و شێخانی لەخۆ دەگرت کە توانرا لە ڕێگای نوسینگەکان هەنگاوی زۆر بڕێت لە ئاساییکردنەوە و ڕێژەیەکی زۆر لە قەرەبووکردنەوە دابەش بکرێت بۆ گەرانەوەی ڕاگوێزراوان و کۆچپێکراوەکان و کوچکراوەکان و هاوەردەکراوەکان ( وافدین) بۆ ناوچە ڕەسەنەکانی خۆیان لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان ، پاشان لە ساڵی ٢٠٠٩ بە ڕاسپاردەی سەرۆک وەزیران نووری مالیکی بڕیاری ژمارە (٧) ی لێژنە ناوبراو دەرچوو کە ناوچەکانی ناوەڕاست وباشووری عێراق مادەی ١٤٠ ی دەستوور بیانگرێتەوە و نووسینگە بۆ ئەوانیش کرایەوە ،وە دابەشکردنی نوسینگەکان بەشێوەیەی خوارەوە بوو:

مكاتب لجنة تنفيذ المادة ( ١٤٠ ) من دستور جمهورية العراق



- **بڕیارەکانی لێژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستوور:**

لێژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستور لەدوای دانانی مەرج و ئامادەکردنی ڕێنمایی تایبەت بەو کەسانەی مادەی ١٤٠ی دەستور دەیانگرێتەوە (٧)بڕیاری دەرکرد کە (٤) بڕیاری سەرەکی و گرنگ بوون بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و لە بەرواری ٢٠٠٧/٤/١٩ بە نوسراوی ژمارەی(ق ٦٧٥٦/٢٧/١/٢ ) و لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە پەسەند کراوە. بڕیارەکان بریتی بوون لە:

١. بریاری ژمارە (١) لە ٢٠٠٧/١/١٦ گەڕاندنەوەی هەموو ئەوفەرمانبەرانەی کە دانیشتووی ڕەسەنی ناوچەناکۆکی لەسەرەکانن لە (کورد، تورکمان، ئاشوورییەکان و کلدانیەکان، عەرەب) کە دەرکرابوون یان دوورخرابوونەوە لە کارەکانیان بۆ دەرەوەی ناوچەناکۆکی لەسەرەکان و لەگەڵ کەرکوک بە هۆکاری سیاسی و نەتەوەیی و تایفی و ئایینی لەماوەی نێوان ١٧/تەمووزی/١٩٦٨ تا ٢٠٠٣/٣/٩.

٢. بریاری ژمارە (٢) لە ٢٠٠٧/١/١٦ گەڕاندنەوەی ئەو خێزانە کۆچکردو و ڕاگوێزراو و کۆچپێکراو لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بە کەرکوکەوە کە بەهۆی سیاسەتەکانی ڕژێمی پێشوو لەماوەی نێوان ١٧/تەمووزی /١٩٦٨ تا ٢٠٠٣/٣/٩ لە ناوچەکانیان ڕاگوێزران یان کۆچیان پێکرا، بۆ ناوچە ڕەسەنەکانی خۆیان هەروەها قەرەبووکردنەویان.

٣. بریاری ژمارە (٣) لە ٢٠٠٧/٢/٤ گەڕاندنەوەی خێزانە هاوردەکراو بۆ ناوچەناکۆکی لەسەرەکان بە کەرکوکەوە کە لە دەرئەنجامی سیاسەتەکانی رژێمی پێشوو لە ماوەی نێوان ١٧/تەمووزی /١٩٦٨ تا٢٠٠٣/٣/٩ بۆ ناوچەکانی ڕەسەنی خۆیان کە پێشتر لێهاتوون لەگەڵ قەرەبووکردنەویان.

٤. بریاری ژمارە (٤) لە ٢٠٠٧/٢/٤ هەڵوەشانەوەی هەموو ئەو گرێبەستە کشتوکاڵیانەی کە لە چوارچێوەی سیاسەتی گۆڕینی دیمۆگرافی (بەعەرەبکردن) لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بە کەرکوکەوە وە گەڕاندنەوەی باروودۆخەکە بۆ کاتی پێش بەستنی گرێبەستەکان.

٥. بڕیاری ژمارە (٥) لە ٢٠٠٧/٨/١٣ دەست پێکردنی خەرجکردنی قەرەبووکردنەوە.

٦. بڕیاری ژمارە (٦) لە ٢٠٠٧/١٠/١ لابردنی چەساندنەوە و ستەم دەرحەق بە خەڵکی ناوچەی تسعین و حمزەلی بە گەڕاندنەوەی زەوی دەستبەسەرداگیراو و گەڕاندنەوەی هەموو زەوی کشتوکالییەکان کە بە پێچەوانەی یاسا دەستی بەسەرداگیراوە و کوژاندنەوەی بۆ کراوە بۆ خاوەنەکانیان (رەسەن).

٧. بڕیاری ژمارە (٧) لە ٢٠٠٩/٧/٢١ لابردنی چەوساندنەوە و ستەم کە بەرامبەر دانیشتوانی ناوەراست و باشووری عێراق کراوە لە دەرئەنجامی سیاسەتەکانی رژێمی پێشوو لە دەرکردن و کۆچپێکردن و راگواستن و دورخستنەوە و دەستبەسەرداگرتنی موڵک و زەوی کشتوکاڵی لە ماوەی نێوان ١٧ تموزی/١٩٦٨ تاکو ٩ نیسانی/٢٠٠٣.

تێبینی: بڕیاری ژمارە (٧) لێژنە خێزانە هاوردەکراوەکان لە پارێزگاکانی (کەرکوک،نینوی،دیالە) کە لە دەرئەنجامی سیاسەتەکانی رژێمی پێشوو لە ماوەی نێوان ١٧ تموزی ١٩٦٨ تاکو ٩ نیسانی ٢٠٠٣ ناگرێتەوە بڵکو ئەوان بڕیاری ژمارە (٣)ی لێژنە دەیانگرێتەوە.

## • بری گوژمەی تەرخان کراو بۆ مادەی ١٤٠ لە بودجەی ساڵانە لە ماوەی ٢٠٠٦-٢٠١٢

بڕی گۆژمەی  پێویست بۆ جێبەجێکردنی  مادەی ١٤٠ی دەستور لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٦ تاکو ٢٠١٢.

**خشتەی ژمارە (١)**

| ساڵ | بڕی گۆژمە بە دینار |
| --- | --- |
| ٢٠٠٦ | ٢,٩٥٢,٠٠٠,٠٠٠ |
| ٢٠٠٧ | ٢٦٧,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| ٢٠٠٨ | ٢٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| ٢٠٠٩ | ٢٧٢,٨٣٥,٣٩٦,٠٠٠ |
| ٢٠١٠ | ١٧٢,٨٣٥,٥٠٠,٠٠٠ |
| ٢٠١١ | ١٧٢,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| ٢٠١٢ | ١٧٢,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| **کۆی گشتی** | **١,٢٨٦,١٩٠,٨٩٦,٠٠٠** |

- ## قۆناغەکانی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستوری عێراق:

**قۆناغی یەکەم: ئاسایی کردنەوە ( التطبیع)**

**قۆناغی دووەم: سەرژمێری (احصاء)**

**قۆناغی سێیەم: راپرسی (استفتاء)**

### قۆناغی یەکەم:  ئاسایی کردنەوە (التطبیع):

**لە قۆناغی ئاسایی کردنەوە دەبا هەموو ئەو هەنگاوانە جێبەجێ کرابان کە هیچیان بە تەواوی جێبەجێ نەکراوە کە لە خوارەوە باسی دەکەین:**

١. گەڕانەوەی دەرکراوەکان و ناردنەوەی هاوردەکان بۆ شوێنی خۆیان  کە هاوردەکران و راگوێزران و کۆچێان پێکرا و کۆچیان کرد لە دەرئەنجامی سیاسەتەکانی رژێمی پێشوو و قەرەبووکردنەوەیان.
٢. گەراندنەوەی فەرمانبەران بۆ ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و لەگەڵ کەرکوک.
٣. هەڵوەشانەوەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی (لەناوچوو) و بڕیارەکانی لێژنەی کاروباری باکووری (هەڵوەشاوە).
٤. هەڵوەشانەوەی گرێبەستە کشتوکالییەکان کە لە چوارچێوەی سیاسەتی بەعەرەبکردن کراوە.
٥. چارەسەری گۆرانکارییەکانی سنوری ئیدارییەکان بە هۆی سیاسی لێکەوتەوە.
٦. یەلاکردنەوەی داواکان(سکالاکان) لە دەستەی داواکانی مۆڵکداری.

**- دەرئەنجامی بەرگەکانی سەرەوە بەشێوەی خوارەوە بوو:**

**١. گەرانەوەی راگوێزراوان و کۆچپێکراوەکان و کوچکراوەکان و هاوەردەکراوەکان:**

گەرانەوەی راگوێزراوان و کۆچپێکراوەکان و کوچکراوەکان و هاوەردەکراوەکان بۆ ناوچە رەسەنەکانی خۆیان لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و قەرەبووکردنەوەیان **بە پێی خشتەی ژمارە (٢)** کە دوا ئاماری قۆناغی ئاسایی کردنەوەیە بەپێی ئەم بریارانەی خوارەوە کە لەم بارەیە بڵاوکراوەتەوە :

- بەپێی بریاری ژمارە (٢) گەڕاندنەوەی ئەو خێزانە کۆچکردو و راگوێزراو و کۆچپێکراو لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بە کەرکوکەوە کە بەهۆی سیاسەتەکانی ڕژێمی پێشوو لە ناوچەکانیان راگوێزران یان کۆچیان پێکرا، بۆ ناوچە ڕەسەنەکانیان و قەرەبووکردنەویان بە بڕی ١٠ ملیون دینار و پێدانی پارچە زەوی خانووبەرە لە ناوچەی لێی راگوێزران .

- بەپێی بریاری بریاری ژمارە (٣) گەڕاندنەوەی خێزانە هاوردەکراو بۆ ناوچەناکۆکی لەسەرەکان بە کەرکوکەوە کە لە دەرئەنجامی سیاسەتەکانی رژێمی پێشوو بۆ ناوچەکانی رەسەنی خۆیان کە پێشتر لێهاتوون و قەرەبووکردنەویان بە بڕی ٢٠ ملیون دینار و پێدانی پارچە زەوی خانووبەرە لەو ناوچەی لێوەی هاتوون .

## خشتەی ژمارە (٢)

**ئاماری مامەڵەی نووسینگەکانی لێژنە لە ( کەرکوك، سنجار،خانەقین) لە ماوەی ٢٠٠٧/٧/١ تاکو ٢٠١٢/٥/٣**

| نووسینگە | ژمارەی فۆرمی دابەشکراو بەسەر خێزانەکان | | ژمارەی فۆرمی وەرگیراو لە هاوولاتیان | | ژمارەی چەکی دابەش کراو بەسەر ئەوانەی دەیانگرێتەوە | | ژمارەی ئەو مامەڵانەی ماوەتەوە لە نوسینگە + ل.بەدواداچونی راستیەکان + ژمێریاری لێژنە | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | هاوردە | راگوێزراو | هاوردە | راگوێزراو | هاوردە | راگوێزراو | هاوردە | راگوێزراو |
| کەرکوک | ٣٠٣٨٤ | ١٣٠٠٠٠ | ٢٨٣٨٤ | ١٢٠٣٢٠ | ١١٢٦٢ | ٣٤٨٢٢ | ١٤٣٧٢ | ٥٤٨١٢ |
| سنجار | ١٥٣٦ | ١٧٩٧١٧ | ١٣٨٦ | ١٣٤٨٥٨ | ٠ | ٢٠٨٩٨ | ١٣٨٦ | ٧١٠٧٩ |
| خانەقین | ١٨٠٠ | ٢٤٠٠٠ | ١٦٧٣ | ١٧٦٧٠ | ١٤١٠ | ١٠٨٦٦ | ١٣٦ | ٤٩٢٦ |
| کۆی گشتی | ٣٣٧٢٠ | ٣٣٣٧١٧ | ٣١٤٤٣ | ٢٧٢٨٤٨ | ١٢٦٨٢ | ٦٦٥٨٦ | ١٥٨٩٤ | ١٣٠٨١٧ |

### ٢. گەڕاندنەوەی فەرمانبەران بۆ ناوچەی رەسەن:

بریاری ژمارە (١) لە ٢٠٠٧/١/١٦ گەراندنەوەی هەموو ئەوفەرمانبەرانەی کە دانیشتووی رەسەنی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانن کە دەرکرابوون یان دوورخرابوونەوە لە کارەکانیان بۆ دەرەوەی ناوچەناکۆکی لەسەرەکان و لەگەڵ کەرکوک بە هۆکاری سیاسی و نەتەوەیی و تایفی و ئایینی.

بەڵام دواتر بەتەواوی جێ بەجێ نەکرا لەبەر ئەوەی حکومەتی ناوەندی رازی نەبوو مووچەکانیان بدات و رایگەیاند با بگەڕێنەوە و لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان دەوام بکەن بەڵام لە میزانیەی هەرێمی کوردستان مووچەکانیان وەربگرن.

## ٣. هەڵوەشانەوەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی (لەناوچوو) و بڕیارەکانی لێژنەی کاروباری باکووری (هەڵوەشێنراو) بەم شێوەی خوارەوە:

### آ. گرێبەستی کشتوکالییەکان لە بڕیارەکانی لێژنەی کاروباری باکووری (هەڵوەشاوە):

سەبارەت بە بڕیارەکانی لیژنەی کاروباری باکووری (هەڵوەشاوە) ، رژێمی پێشوو ژمارەیەک بڕیاری دەرکرد کە کە تایبەت بە کوژانەوەی مافی بەکارهێنانی ئەو زەویە کشتوکاڵییانەی کە خاوەنی رەسەنیان لە نەتەوەی کورد و تورکمان بوون و گرێبەستەکان درا بە عەرەب و وافدەکان کە ئەو زەوییانە دەکەونە سەر پێشتێنەی ئەمنی پارێزگای کەرکوک و هەر ئەو زەوییان بوون لە لایەن رژێمی پێشوو هەر ئەو زەوییانە بوو لەگەڵ جوتیارە عەرەبەکان لە چوارچێوەی سیاسەتی بە عەرەبکردنی پارێزگاکە، ژمارەی گرێبەستە کشتوکاڵییەکان ئەنجامدراو لەگەڵ عەرەبەکان (٣٣٠٤) بوو، کە دواتر هەمووی هەوشێنراوە بە پێی بەندی چوارەم لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران لە دانیشتنی ناسایی سێیەم لە ٢٠٠٧/٣/٢٩ دواتر گشتاندنی بڕیارەکە کراوە بۆ سەرجەم وەزارەتەکان و هەموو لایەنی پەیوەندیداری فەرمی وە لەگەڵیان بۆ ئەنجومەنی باڵای دادوەری بەپێی نوسراوی ( ق/٢/١/٢٧/٦٧٥٦) لە رێکەوتی ٢٠٠٧/٤/١٩ سەرەرای ئەوەش وەزارەتەکان و بەتایبەتی وەزارەتی کشتوکاڵ کاری پێویستیان بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی وەزیران ئەنجام نەدا.

### ب. گرێبەستی کشتوکاڵی بە پێی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی( لەناوچوو):

سەبارەت گرێبەستی کشتوکاڵی بەپێی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی (لەناوچوو) رژێمی پێشوو ژمارەیەک بڕیاری دەرکرد بە مەبەستی وەرگرتنەوەی خاوەنداریەتی زەوی کشتوکاڵی کە خاوەنی رەسەنیان لە نەتەوەی کورد و تورکمانە لە چوارچێوەی سیاسەتی بەعەرەبکردن لە ناوچەناکۆکی لەسەرەکان کە(٢٢٨٣) گرێبەستی کشتوکاڵی بوون کە هەمووی هەڵوەشێنرایەوە بە پێی بەندی چوارەم لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران لە دانیشتنی نائاسایی سێیەم لە ٢٠٠٧/٣/٢٩.

لێژنەی مادەی ١٤٠ بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی شورای دەوڵەت پرۆژەی رەشنووسی یاسای هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارانەی بە نوسراوی ژمارە ٢٢٣٧ لە ٢٠٠٨/٨/٣٠ ئەنجومەنی شورای

دەوڵەت ناردی بۆ ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران بە مەبەستی بخرێتە پێش ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەسندکردن و ئاراستە کردنی بۆ ئەنجومەنی نوێنەران.

## ٤. هەڵوەشانەوەی گرێبەستە کشتوکاڵییەکان کە لە چوارچێوەی سیاسەتی بەعەرەبکردن کراوە.

بە مەبەستی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی دەرچوو لە لێژنەی باڵای مادەی ١٤٠ی دەستوور سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (٤٧) لە رۆژی ٢٠١١/٩/٢٧ بڕیاری ژمارە (٣٥٨) لە ساڵی ٢٠١١ی دەرکرد و لیژنەی ماددەی ١٤٠ی ڕاسپارد بە پێشکەش کردنی ڕاپۆرتێک بە هاوکاری ئەمینداریتی گشتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ و هەر یەکە لە نوێنەری وەزارەتەکانی (بەرگری، نەوت، ناوخۆ، دارایی، کشتوکاڵ، دەستەی داواکانی موڵکداری/ هيئة دعاوي الملكية) لەگەڵ نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پلەی لە بەڕێوبەری گشتی کەمتر نەبی و ناورۆکی ڕاپۆرتەکە یەکلایی کردنەوەی بابەتی ١٤٠ دەستور و مادەی ٥٨ لە یاسای بەڕێوبردنی دەوڵەت لە قۆناغی گواستنەوە، لێژنەی ناوبراو ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەلی سەبارەت بە چارەسەری کێشەی گرێبەستی کشتوکاڵی بە پێی بڕیارەکانی دەرچوو لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی لە( ناوچوو) و کاروباری باکۆری هەڵوەشاوە بە وەردەکارییەوە ئامادەکرد. ڕاپۆرتەکە و ڕاسپاردەکان بۆ ئەنجومەنی وەزیران بە نوسراوێکی نهێنی و تایبەت و زۆر بە پەلە بە ژمارە ٥٥٠ لە ٢٠١١/١٢/١٩ بۆ مەبەستی تاتۆکردنی لە کۆبۆنەوەی ئەنجومەنی وەزیران کە دواتر ئەم ڕاپۆرتە لە کۆبونەوەی ئاسایی ژمارە ٤ ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٠١٢/١/٢٤ لە دوای باس و گفتوگۆ بەمەبەستی چارەسەری کێشەکە بەشێوەی ریشەیی ئەم بڕیارانە دەرچوو:

- **یەکەم: دەقی بڕیاری ژمارە (٢٩) لە ساڵی ٢٠١٢ :**

یەکەم: سەبارەت بە هەڵوەشانەوەی هەموو بڕیارەکانی لیژنەی کاروباری باکووری (هەڵوەشاوە)یە کە تایبەت بە کوژانەوەی مافی بەکارهێنانی ئەو زەویە کشتوکاڵییەکان کە خاوەنی رەسەنیان عەرەب نەبوون و هەڵوەشانەوەی ئەو گرێبەستە کشتوکاڵییەکانەی کە لەگەڵیان ئەنجامدراوبوو.

دەووەم : قەرەبووکردنەوەی هاووڵاتیان کە زەرەرمەند بووینە لە هەڵوەشانەوەی ئەو بریارانەی سەرەوە بەپێی نرخی ئەو شتانەی دروستیان کردوە یان چاندویانە و داینـاوە لەسەر ئەو زەوییانە کە بەپێی ئەو بریارە دەگەرێتەوە بۆ خاوەنە رەسەنەکان و قەرەبوو کردنەوەیان بەردەوام و لەگەڵ پێدانی پارچە زەوی خانوبەرە بەو مەرجەی لە پارێزگاکەیان یان نزیک لە شوێنی نیشتەجێ بوونیان کە لێوەی هاتوون (رەسەن) .

## ئەنجامی گرێبەستە هەڵوەشاوەکان:

کۆی گشتی گرێبەستە هەڵوەشێنراوەکان کە قەرەبوویان وەرگرتەوە **لە خشتەی خوارەوە نیشاندراوە.**

**خشتەی ژمارە(٣) گرێبەستە کشتوکاڵییەکان**

| ژ | ژمارەی گشتی گرێبەستە هەڵوەشێنراوەکان | ژمارەی چەکی دابەشکراو وەک قەرەبووکردنەوە |
|---|---|---|
| ١ | ٣٣.٦ | ١٤.٤ |

- **دووەم: دەرچوونی بڕیاری ژمارە (٣٠) لە ساڵی ٢٠١٢:**

بڕیاری ژمارە (٣٠) لە ساڵی ٢٠١٢ لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق دەرچوو و رەوانەی ئەنجومەنی نوێنەران کرا تاکو هەڵبستێ بە دەرکردنی یاسایەک بۆ هەڵوەشانەوەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی (لەناوچوو) کە ژمارەیان ٩ بڕیارە کە ئەنجومەنی شورای دەوڵەت راسپاردە کران بۆ ئامادەکردنی رەشنووسی یاساکە بۆ ئەو مەبەستە تا دواتر پەسند بکرێت لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە تاکو ئێستا کاری لەسەر نەکراوە بە هۆی دانانی ئاستەنگی سیاسی لە لایەن ئەوانەی کە لە سیاسەتی بەعەرەبکردن سودمەند بووینە.

## ٥. چارەسەری گۆڕانکارییەکانی سنووری کارگێڕی بە هۆکاری سیاسی

یەکلاکردنەوەی بابەتی ئەو گۆڕانکاریانەی لە سنووری کارگێڕی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان کراوە بە هۆکاری سیاسی بە پێی بەندی (ب) لە مادەی (٥٨) لە یاسای ئیدارەی دەوڵەت لە قۆناغی گواستنەوە ،وە لە مادەی ١٤٠ دەستوریش جێگیر کراوە ،لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتی (سەرۆکایەتی ئێستا) راسپاردەکان لەم بارەیەوە بە کۆی دەنگی ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رەوانە بکەن بەمەبەستی بریاردان و لە کاتێک نەیانتوانی کۆدەنگ بن لەسەری دەتوانرێ داوا لە ناوبژیوانێکی بێلایەن بکەن ( بۆ نمونە نەتەوەیەکگرتووەکان) و پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران بکرێت بۆ بریاردان.

لەسەر ئەم بابەتە ئەنجومەنی وەزیران لە دانیشتنی نائاسایی(استثنایی) سێیەم لە ٢٠٠٧/٣/٢٩ لێژنەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستوری راسپارد تا **ڕاسپاردەکانی لەسەر چارەسەری گۆڕانکاریی نادادپەروەرانە لە سنووری کارگێڕی بە هۆکاری سیاسی لە لایەن رژێمی پێشوو لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بە کەرکوکەوە ئامادەبکات و دواتر لێژنە راسپاردەکانی بۆ سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجومەنی وەزیران** بە نوسراوی نهێنی و تایبەت ژمارە (٣٦٢) لە ٢٠٠٧/١٢/٣١ نارد چونکە چارەسەری گۆرانکاریی نادادپەروەرانە لە سنورە کارگێرییەکان لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی کۆمار دایە. جارێکی تر لێژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستور بە نوسراوێکی تر بە ژمارە (٣١٢) لە ٢٠١١/٦/١٦ راسپاردەکانی ئاراستەی سەرۆکایەتی کۆماری عێڕاقی فیدڕال کردوە کە دواتر سەرۆکی کۆمار رەشنوسی پرۆژە یاسای ئەم بابەتەی لەگەڵ راسپاردەکان بە نووسراوی ژمارە (٢٣٧٩) لە رێکەوتی ٢٠١١/١١/٣ ئاراستەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێڕاقی فیدڕال کرد. بەڵام تاکو ئێستا هیچ هەنگاوێک نەهاوێژراوە.

### ٦. یەکلاکردنەوەی داواکان(سکالاکان) لە دەستەی داواکانی مۆڵکداری:

دەستەی داواکانی مۆڵکداری کە پێشتر دەستەی چارەسەری ناکۆکیەکانی مۆڵکداری و زەوی و زار بوو. هەر لەسەرەتایی دەست بەکار بوونی تاکۆ ئێستا نەیتوانیوە بەکارەکانی خۆی هەڵبستێت و کێشەکان چارەسەر و یەکلایی بکاتەوە بە هۆی ئاستەنگی سیاسی کە لە پێش کاری دەستە دادەنرا .

### قۆناغی دووەم ئاماری گشتی سەرژمێری (الاحصاء) :

لەدوای ئەنجامدانی قۆناغی ئاسایی کردنەوە پێویستە ئاماری گشتی ئەو ناوچانە ئەنجام بدرێت و ئامادەباشی بۆ قۆناغی سێ یەم بکرێت و هەرێمی کوردستان زۆر هەوڵیدا هەنگاو لەلایەن حکومەتی بەغدا بۆ سەرژمێری بهاوێژرێت دوای ئەوەی قۆناعی ئاسایی کردنەوە ئەوکاتی هەنگاوی باشی بڕی بوو بەڵام حکومەتی بەغدا بەهەموو شێوەیەك خۆی دوور خستەوە لەم پرۆسەیە.
"بۆ زانین ئەو سەرژمێریە پەیوەندی بە سەرژمێری گشتی هەموو عێراق نیە".

### قۆناغی سێیەم راپرسی ( الاستفتاء):

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن لێژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور ی عێراق و بە هاندان و بەدواداچوونی نوێنەرانی کورد لە لێژنەکەدا کاری پێویست ئەنجامدرا لەگەڵ کۆمۆسیۆن بە ناردنی نووسراو داواکاری پێویست تاکو لە ئامادەباشی دابن بۆ ئەنجامدانی راپرسی لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەڵام دووبارە ئەو هەوڵە پووچەڵ کرایەوە لە کاربەدەستانی حکومەتی حێراقی فیدراڵ.

- **خاڵە هەڵپسێردراوەکان لە بەردەم جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستور:**

## ئەو خاڵانەی پێویستە سەرۆکایەتی کۆمار چارەسەری بکات

یەکلاکردنەوەی **گۆڕانکاریی نادادپەروەرانە لە سنووری کارگێڕی بە هۆکاری سیاسی لە لایەن ڕژێمی پێشوو لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بە کەرکوکەوە** و لە پارێزگاکانی ناوەراست و باشوور **کە پێشتر ڕاسپاردەکان بۆ سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجومەنی وەزیران** بە نوسراوی نهێنی و تایبەت ژمارە (٣٦٢) لە ٢٠٠٧/١٢/٣١ نێردرا چونکە چارەسەری گۆرانکاریی نادادپەروەرانە لە سنوری کارگێرییەکان لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی کۆمار دایە. جارێکی تر لێژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستور بە نوسراوێکی تر بە ژمارە (٣١٢) لە ٢٠١١/٦/١٦ ڕاسپاردەکانی ئاراستەی سەرۆکایەتی کۆماری عێراقی فیدراڵ کردوە کە دواتر سەرۆکی کۆمار رەشنوسی پرۆژە یاسای ئەم بابەتەی لەگەڵ راسپاردەکان بە نووسراوی ژمارە (٢٣٧٩) لە رێکەوتی ٢٠١١/١١/٣ ئاراستەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ کرد. بەڵام تاکو ئێستا ئەنجومەنی نوێنەران هیچ هەنگاوێکی پراکتیکی بۆ ئەم پرۆژە یاسایە نەنراوە و پێویستە بەدواداچون جیدی لەسەر ئەم بابەتە ئەنجامبدرێت.

چونکە ناتوانرێت سەرژمێری و راپرسی ئەنجام بدرێت پێش یەکلاکردنەوەی سنوری کارگێرییەکان لە پارێزگای کەرکوک و لەو ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و بۆ چارەسەری ئەو گۆرانکاریانە کە رژێمی پێشوو لە سنوری پارێزگاکان ئەنجامیداوە چ بە لێکردنەوە یان لکاندن بەمەبەستی گۆرینی سروشتی دیموگرافیای ناوچەکە بووە.

تەنانەت لە کاتی پەسندکردنی بیرۆکەی راپرسی لە سەر ئاستی ناوچەکان کە پەیوەست نیە لەسەر ئاستی پارێزگا بێت هەر دەبی لە لایەن سەرۆکایەتی پێشنیار بکرێت و لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەران گفتوگۆ و دەنگی لەسەر بدرێت.

## ئەو خاڵانەی پێویستە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران چارەسەری بکات:

یەکەم: لەبەر رۆشنایی بریاری ژمارە ٣٠ لە ساڵی ٢٠١٢ کە ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبۆنەوەی ئاسایی چوارەم لە ٢٠١٢/١/٢٤ ئەنجومەنی شورای دەوڵەتی راسپارد بە ئامادەکردنی دەرچواندنێکی تازە سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی بریارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی لە ناوچوو و چارەسەر کاریگەریەکانی پەیوەندیدار لەسەر هەڵوەشانەوەی کە پێویستی بە پەلەکردن هەیە لە ئامادەکردنی ناردنی بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بە مەبەستی پەسند کردنی.

دووەم: گەراندنەوەی هەموو ئەوفەرمانبەرانەی کە فەسڵ کرابوون یان دوورخرابوونەوە یان گواسترابوونەوە لە کارەکانیان بۆ کارەکانی پێشووی خۆیان لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بە کەرکوکەوە و لە ناوچەکانی ناوەراست و باشووری عێراق .

سێیەم: میزانیەی لێژنە زیاد بکرێت بەپێی ئەو موازنەی خەملێنراوە و پێشکەشکراوە بە وەزارەتی دارایی کە بگونجێت لەگەڵ قەبارەی کارەکان و قەرەبووکردنەوە .

## ئەو خاڵانەی پێویستە ئەنجومەنی نوێنەران چارەسەری بکات:

یەکەم: پەسندکردن یاسای دارێژراوی تازە کە لە لایەن ئەنجومەنی شورای دەوڵەت پێشکەش دەکرێت بۆ هەڵوەشانەوەی بڕیارەکانی دەرچوو لە لایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی لە ناوچوو.

دووەم: زیادە کردنی گۆژمەی پێویستی دیاریکراو بۆ خەرجکردنی قەرەبووکردنەوەی ئەوانەی مشمولن بە بڕیارەکانی مادەی ١٤٠ی دەستوری کۆماری عێراقی فیدراڵ.

سێیەم: گفتوگۆ و بریار لەسەر راسپاردەکانی سەرۆکایەتی کۆمار سەبارەت بە هەڵوەشانەوەی گۆرانکاریی نادادپەروەرانە کە رژێمی پێشوو لە سنوری کارگێری لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان لەگەڵ کەرکوک و لە پارێزگاکانی ناوەراست و باشووری عێراق ئەنجامیدابوو.

## یاسا و رێکارەکانی پێویستە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کاری بۆ بکات:

1. دانانی یاسا و رێکاری پێویست و تەرخان کردنی بودجەی پێویست بۆ ئەنجامدانی راپرسی لە کەرکوک و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان.
2. ئەنجامدانی سەرژمێری لە کەرکوک و لەو ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستور هەروەها بۆ بەشداری بۆ ئەنجامدانی راپرسی بۆ دیاری کردنی چارەنوسی لە ئەو ناوچانە بە کەرکوکەوە.
3. ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کەرکوک و لەو ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی تر بۆ دیاری کردنی خواستی هاووڵاتیانی ئەو ناوچانە.